# کاریگەریی هەڵبژاردنەوەی ئەردۆغان وەک سەرۆککۆمار لەسەر سیاسەتی تورکیا لە هەمبەر عێراق و هەرێمی کوردستان

**پرۆفیسۆر دکتۆر سەردار قادر محیەدین،** شارەزا لە یاسای دەستووری و دیپلۆماسییەتی قەیران

**هێندەی نەمابوو بوودجە ئەردۆغانمان لەبیر بباتەوە!**

بوودجەی پێشنیارکراوی ساڵانی 2023 – 2025ی عێراق چەندان وانە و پەندی فێر کردین؛ بێ گومان ئەگەر ئەوانە بەهەند وەربگرین و لێیان سوودمەند بین. بەڵام مەخابن بەشی ئەوەندەیش لایەنمان هەیە کە مەبەستیانە پەند وەرنەگرن، بەڵکوو بیکەنە گوشار بەسەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان و گەلی کوردستان، تا خۆیان دەست بەو ڕایەڵەوە بگرن و تا بەردەوام بن و تێدا نەچن. هەر بۆیە بەپوختی دەتوانین ئەو وانانە بخەینە ڕوو:

- فێری کردین کە تا کام ئاست دوژمنان و ناحەزانی قەوارەی هەرێم لە دەرفەت دەگەڕێن، تا لەناوی بەرن و نەیهێڵن؛ بەڵام لە ڕێی هێزەوە نا، ئەم جارە بە شەڕی دامەزراوەکان و داڕشتنی دەقی یاسایی، ئەگەرچی لەگەڵ دەستووریش پێچەوانە بن.
- فێری کردین کە دادگەی فیدراڵی، شوێنی دەستووری گرتۆتەوە و لەژێر چەپۆک و ویستی ئێراندایە لە ڕێگەی لایەن و میلیشیا چەکدارییەکانییەوە.
- فێری کردین ئەوەی کە ڕەواجی نییە و پێوەی پابەند نابن، دەستوورە و تەنانەت هەندێ لە بڕیارەکانی دادگەی فیدراڵی تایبەت بە بوودجە کە پەرلەمان بۆی نییە دەستکاریی ئەو پرۆژەبوودجەیە بکات کە لە حکوومەتەوە بۆی ڕەوانە دەکرێت؛ بۆ نموونە بڕیارەکانی دادگەی فیدراڵی لەو بارەیەوە ژمارە: 12/2012، 21/2015، 35/2021؛ کە هەموویان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پەرلەمان مافی دەستکاریکردنی نییە، بێجگە لە کەمکردنەوە یان زۆرکردنی بڕە پارەکە نەبێت.
- فێری کردین کە ڕێککەوتنەکان لەگەڵ ئەواندا تەنیا بۆ دروستکردنی هاوکێشە سیاسییەکان و پێکهێنانی حکوومەت بوو، نەک لە پێناو ڕاستەڕێکردنی سیاسەتی گشتیی وڵات؛ هەر بۆیە پێوەی پابەند نەبوون و نەتوانرا تەنانەت لە لیژنەی داراییی پەرلەمان تێ پەڕێندرێ.
- فێری کردین کە ئێمە ڕێککەوتن لەگەڵ چەند لایەنێک دەکەین؛ هەر ئەوان ململانێکە دەگوازنەوە بۆ سەر ئاستی پەرلەمان بۆ ئەوەی شایستە دەستوورییەکانمان جێبەجێ نەکەن و چەند کەسێک دژی هەرێم قوت دەکەنەوە. بەڵام سەیر لەوەدایە ئەوەی کە ئێمە ڕێککەوتنمان لەگەڵ کردوون، خۆیان دەکەنە نێوەندگیر و ناوبژیوان، بەڵام ئەوەیان بیر چۆتەوە کە خودی ئەوانەی لە

پەرلەمانن، ئەندامانی پەرلەمانی سەر بە لایەنەکانی ناو هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەتن. هەر بۆیە ئەو ئەندام پەرلەمانانە، بوێرانە دەیانوت ئەو ڕێککەوتننامەیە لەگەڵ حکوومەت کراوە نەک پەرلەمان!

- فێری کردین کە چەند مەبەستیانە ڕایەڵەکانمان لەگەڵ جیهانی دەرەوە، بەتایبەت تورکیا، ئەورووپا و ئەمریکا، نەهێڵن؛ کە ئەویش لە دۆسیەی نەوتەوە دەستیان پێ کرد.
- فێری کردین کە تا ئێستایش هەر بە چاوی پارێزگابوون لە عێراق دەیانەوێ مامەڵەمان لەگەڵدا بکەن. یەکێک لە لایەنەکانی خۆیشمان ئەو مەبەستەی بۆ ئەنجام دان، بەڵام هەوڵەکە پووچەڵ کرایەوە، کەچی وەک گرفتێکی کارگێڕی لەسەر ئاستی هەرێم هەر چەسپاندیان؛ ئەویش بۆ بەهێزکردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە پرۆسەی سیاسیی هەرێم. وانەکەیش ئەوەیە کە سەپاندیان بۆ پشتیوانیی یەکێتی دژ بە پارتی: ئەگەر لە کوردستان بە مەرجی من سیاسەت نەکرێ، بیانوو بەو بڕگەیە دێنمەوە و خۆم لە قەوارەی هەرێم بەتەواوی جیا دەکەمەوە!
- فێری کردین ئەوەی کە سەرکردایەتیی کورد، بەتایبەت بەڕێز "کاک مەسعوود" و "مام جەلال"، لە ساڵی (1998)ەوە هەوڵیان بۆ دا، تا دوو زۆنەکە بکەنەوە بە یەک و یەک حکوومەت لە هەرێم هەبێ و پرسی کورد لە عێراق دووچاری پاشەکشە نەبێت، ئەم جارە بەتۆبزی و بە هەوڵی یەکێتیی نیشتمانی لەلایەن پەرلەمانی عێراقییەوە بەفەرمی کرایەوە بە دوو زۆن؛ ئەویش نەک وەک یەکەیەکی کارگێڕی، بەڵکوو ئێستا زۆنی سلێمانی وەک هەرێمێکی فیدراڵی وایە لەناو خودی هەرێمی کوردستاندا. ئەمەیش تەواو دژی ئەو چەمکەیە کە لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا چەسپابوو و هەمووان لەسەری کۆک بوون، کە هیچ هەرێمێک لەناو هەرێمی کوردستان پەسەند نییە. بەڵکوو لەوەیش زیاتر، ئێستا پارێزگای سلێمانی وەک "ناگۆرنۆ قەرەباغ"ی سەردەمی یەکێتیی سۆڤییەت وایە کە ڕاستەوخۆ سەر بە کرملنە. ئەوە ڕاستییەکەیە. لە ڕۆژانی داهاتوویش ئەوە دەبینین کە جیاوازییە سیاسییەکانی نێوان یەکێتی و پارتی لەسەر هاوکێشەکانی پرۆسەی سیاسی لە هەرێم، چۆن "بە بیانووی نادادپەروەریی ئابوورییەوە" ناوزەد دەکرێن.
- فێری کردین کە بوودجە پڕۆژەیەکی ئابووری و خەرجی و گەشەپێدان نییە بەتەنیا، بەڵکوو پرۆژەیەکی سیاسییە و، دەبێ کورد باشتر خۆی بۆ ئامادە بکات و پێشوەختە بیری لێ بکاتەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات. پێویستە سەنتەری لێکۆڵینەوە بۆ گرفتەکانی لەگەڵ بەغدا دامەزرێنێ و، ئەوانە کاری تێدا بکەن کە لە هاوکێشەکان تێ دەگەن. پسپۆران دەبێ باشتر کۆمەکی فراکسیۆنە کوردییەکان بکەن.
- فێری کردین تەواوی بڕگەکانی ناو بوودجە وەک "تەڵە" دانراون تا بکرێنە بیانوو دژمان. هەر بۆیە بۆ نەدانی پاساو بەوان، وا باشترە زۆر بەجددی پێوەی پابەند بین؛ بەتایبەت ئێستا لەناو بوودجەدا گرفتی دووزۆنی بەفەرمی کراوە.

**بەڵام لە لایەکی ترەوە بوودجە ئەردۆغان و هەڵبژاردنی تورکیای بەبیر هێنایەنەوە، ئەویش لەم بوارانەدا:**

- هەرچەندە ئێمە لە ڕووی پرسی نەتەوەیی و ستراتیژییەوە زۆر لە تورکیا سوودمەند بووین ـ لەگەڵ زۆرێک لە تێبینییە ئابووری و سیاسی و ئەمنییەکان لەمەڕ ئەو پەیوەندییەی هەرێم و تورکیا ـ بەڵام لەو ساتەوەی کە ئێمە پەیوەندیی سیاسی و ئابووریمان هەیە لەگەڵ ئەو وڵاتە، تا کام ئاست

پرسی نەتەوەیی کورد لە عێراق چۆتە پێش و چەند بەئاسانی گەیشتووینەتە ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیار لە ئەوروپا و جیهان؟ تەواوی وەڵامی پرسیارەکانیش ئەرێنین. پێش ئەوەی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ تورکیا پتەو بێت، لە ساڵی 2001 تەنیا 59 کۆمپانیای بیانی هەبوون، بەڵام ئێستا لە هەرێم زیاتر لە 29947 کۆمپانیا بەگشتی هەیە، کە لەوانە زیاتر لە 3190 بیانین. کەواتە جیاوازییەکی بێشومار هەیە لە نێوان ژمارە 59 و 3190؛ کە ئەویش دوای پەیوەندیی ئەرێنی بوو لەگەڵ تورکیای سەردەمی داد و گەشەپێدان.

- تا چەند توانیومانە لەمەڕ ئەو پەیوەندییانە بونیادی هەرێم پتەو بکەین، بەتایبەت کەرەسە و کاڵا و ڕێگەوبان و خانووبەرە؟ ئەویش بەڕێژەیی کراوە، لەگەڵ بوونی چەندان تێبینی لەو بارەیەوە.
- بە بوودجەی ئەم جارەوە، بۆمان دەرکەوت کە چەند مەبەستیانە ئەو ڕایەڵە دەرەکییە لە نێوان هەرێم و جیهانی دەرەوە نەهێڵن. بۆ ئەو مەبەستەیش لە دۆسیەی نەوتەوە دەستیان پێ کرد و، بە نەهێشتنی کۆمپانیاکان کە گرێبەستیان لەگەڵ هەرێم هەیە کۆتاییی پێ دێنن.
- زۆر مەبەستیانە نەوتی هەرێم هەر لە بنەڕەتەوە هەناردە نەکرێ؛ بەمەیش پەیوەندیی ستراتیژیی هەرێم و تورکیا زەرەری زۆری بەردەکەوێ.
- زۆر هەوڵ درا ئەو پەیوەندییە ستراتیژییە ئابوورییەی لە بواری وزەدا هەیە لە نێوان هەرێم و تورکیا، کەمبەها بکەن، ئەویش لە ڕێگەی کەمکردنەوە و تایبەتکردن و سنووردارکردنی بەرهەمی نەوت تەنیا لە بیرەکانی سنووری هەرێمی کوردستان و دەرکردنی ناوچە کوردستانییەکان لێی. بەمەیش بەرهەمی هەرێم لە نەوت بۆ نزیکەی 180 هەزار بەرمیل دادەبەزی. ئەوەی ئێستایش کە ڕەزامەندییان داوە، تا پرۆژەیاسای نەوت و غاز بڕ دەکات و لێی پەشیمان دەبنەوە.
- زۆر مەبەستیانە کۆمپانیا تورکییەکان لەقاڵب بدرێن و دەرفەتی گەورە بۆ ئەوانی تر لە کۆمپانیا ئێرانی و ڕووسییەکان بکەنەوە.

**ئایا دوای دەرچوونەوەی ئەردۆغان، عێراقییەکان دەتوانن بە دروستکردنی پشتێنەی ئەمنی و مەزهەبی، دژی تورکیا بوەستنەوە؟**

بێ گومان نەخێر. بارودۆخی عێراق لە ئێستا و داهاتوودا ئەو پێگە و بونیادەی نییە کە ببێتە هەڕەشە بۆ سەر تورکیا، بەڵکوو بڕیاری سیاسیی عێراق هەمیشە لەژێر ڕەحمەت و هەژموونی تورکیادایە لە زۆر بواردا و، تەنانەت ئێرانیش ناتوانێ ڕکابەریی بکات.

**عێراق و تورکیا لە مەودای پەیوەندییەکی لەرزۆکدان**

لە شنگال، زیاتر لە 35 هەزار حەشدی شیعیی ئێزیدی بە ناوی "یەپەژە"وە هەن، کە پەکەکەن و لەلایەن حەشدەوە مانگانە زیاتر لە ملیۆنێک دینار مووچەیانە. هەروەها لە دەشتی نەینەوا بەنیازن زۆنێکی شیعی دروست بکەن تا دەگاتە سنووری پارێزگای کەرکووک. لە کەرکووک- گەرچی کارتی تورکمان لە چنگ تورکیا دەرهات و هیچ کاریگەرییان نەماوە بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی کوردی لەو پارێزگایە- زیاتر لە سێ بۆ چوار لیوای حەشدی شیعی هەن و هەژموونیان تا پردەکەی شارۆچکەی پردێ هاتووە؛ ئەمە بێجگە لە ناوچەکانی تری پارێزگای سلێمانی و تەنانەت خودی زۆنی سەوزیش هەر لەو مەودا سیاسییەدا دەخولێتەوە. کەواتە ئەم ململانێیە مێژووییە و بەو زووانە کۆتایی نایەت، بەڵام ئایا کارتە کاریگەرەکان لای کام لە لایەنەکانە: تورکیا یان عێراق؟ بێ گومان عێراق هیچ کارتێکی کاریگەری بەرامبەر بە تورکیا نییە،

تەنانەت بە "پەکەکە"یشەوە.

پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا بەهۆی تێکەڵبوونی ئێران بە هاوکێشەکانەوە ڕوخساری مەزهەبیشیان وەرگرتووە؛ ئەو ململانێیەیش لەو هۆکارە هەرگیز بەتاڵ نابێتەوە. دوای ئەوەی ئەردۆغانیش دەرچۆتەوە، دەستێوەردانەکان لە عێراق زیاتر دەبن. ئەردۆغان بەتەواوی بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراقدا دەچێتەوە؛ خاڵی دەستپێکیش بە ڕێککەوتننامەی هەناردەکردنی نەوت لە تورکیاوە دەست پێ دەکات. ئەو زانیارییەیش دروستە کە تورکیا و عێراق لەساڵی 2008ەوە "ئەنجومەنی هاریکاریی ستراتیژی"یان هەیە لەسەر ئاستی بەرز و، ساڵی 2009 لە سەردەمی بەڕێز مام جەلال- کە ئەوکات سەرۆکی عێراق بوو- 48 ڕێککەوتننامە لە نێوان عێراق و تورکیا مۆر کران و، ساڵی 2014 لێکتێگەیشتنێکیان دەربارەی ئاو واژۆ کردووە کە لە 12 مادده پێک دێ. ئەمانە و چەندانی تریش، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا پەیوەندییەکان بەرەوپێش چوون؟ وەڵامەکە "نەخێر"ە، چونکە ئەو لێکنزیکبوونەوەیەی ساڵی 2008 زیاتر دژ بە هەرێمی کوردستان بوو، بەڵام دواتر نەک تورکیا دژایەتیی هەرێمی نەکرد، بەڵکوو لەگەڵیدا ڕێک کەوت و سەرۆکوەزیرانی تورکیای ئەوکات، ئەردۆغان، سەردانی هەرێمیشی کرد.

**ئەو دۆسیانەی کە بەردەوام پەیوەندییەکان لەرزۆک دەکەن:**

گەرچی بەرژەوەندیی هاوبەش و هاوکاریی ئابووری و ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان هەردوو وڵات (تورکیا و عێراق) لە تەشەنەدایە، بەڵام پارسەنگەکەی بە لای تورکیادا شکاوەتەوە، چونکە عێراق لەو پێگەیەدا نییە کە ڕکابەریی تورکیا بکات. ساڵی 2022 ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان هەردوو وڵات 15 ملیاری تێ پەڕاند؛ زیاتر لە 1500 کۆمپانیای تورکی لە عێراق هەن؛ عێراقییەکان بەردەوامن لە سەردانیکردنی تورکیا؛ تەنانەت لە ساڵی 2022 لە کۆی 45 ملیۆن گەشتیار، 2.6%یان عێراقی بوون. عێراقییەکان زیاتر لە 47 هەزار موڵکیان لەو وڵاتە هەیە. بە گوتەی سەرۆکی پیشەسازانی عێراق، لە 90%ی براندە بازرگانییەکانی بازاڕی عێراق، تورکییە.

هەڵبژاردنەکان زیاتر لەسەر سێ ئاست کاریگەریی جددی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو لا دروست دەکات، بەتایبەت دوای دەرچوونەوەی ئەردۆغان بۆ پۆستی سەرۆککۆمار و بەدەستهێنانی زۆرینەی کورسییەکان لەسەر ئاستی پەرلەمان: ئاسایش و ئابووری و ئاو، کە بۆ وڵاتێکی وەک عێراق لەپێشینەی گرفت و قەیرانەکانی ئێستای، ئابووری و ئاوە، چونکە هەر ئەو دوانە کاریگەری لەسەر ئاسایشی وڵاتەکە دادەنێن. تورکیاش تا ڕاددەیەکی زۆر دەتوانێ کۆنترۆڵیان بکات و دروستکەران و بکەران و داڕێژەرانی بڕیاری سیاسی لە عیراق لە چوارچێوەیەکدا لەقاڵب بدات، بەڵام ئەو قەیرانە لەپێشینانەی نێوان هەردوو لا زیاتر ئەمانەی خوارەوەن:

- پەکەکە، کە بابەتێکی ئاسایشی نەتەوەییە بۆ تورکیا و هیچ سازشێکی لەسەر ناکات، ئەگەر تەواوی ئاوی فورات و دیجلەی گرتبێتەوە دژ بە عێراق، لای ئاساییە. لەلایەن عێراقیشەوە نەک هەر سنوورێکیان بۆ دانەنراوە، بەڵکوو لە چەندان شوێن لە شنگال و مەخموور، کراونەتە هێزی نیزامی و لەلایەن حکوومەتی عێراقییەوە مووچەیان وەک سەربازێکی فەرمیی عێراقی بۆ دابین کراوە و لە یاسای بوودجەی عێراقی 2023 – 2025 جێی بۆ کراوەتەوە.
- تورکیا پەیوەندییەکی ئاسایی و ستراتیژیی پتەوی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە، کە تەنانەت

دوای دەرکردنی چەندان بڕیار دژی هەرێم لە دۆسیەی هەناردەکردنی نەوت لە تورکیاوە، هیچ گوێی بەو بڕیارانە نەدا؛ ئەدی بۆ هەناردەکردنی نەوت دەست پێ ناکاتەوە؟ ئەمە بابەتێکی ئابووری یان هونەری نییە. وەزیری سامانە سروشتییەکانی تورکیا هەر لە سەرەتاوە دوای 25ی ئازار ئەوەی ڕاگەیاند، کە تورکیا پەلەی نییە و لە بابەتەکە دەکۆڵێتەوە. کەواتە بابەتەکە بۆتە هەڵوێستگرتن بەرامبەر حکوومەتی عێراق و پێداچوونەوە بە ڕێککەوتنی هەناردەکردنی نەوت لە تورکیاوە، دواتریش گەیاندنی پەیامێک بۆ عێراق کە ناوەڕۆکەکەی ئەوەیە: ئەوە منم کە بڕیار دەدەم بە پلەی یەکەم، نەک تۆ!

عێراق، تورکیا بەوە تاوانبار دەکات کە زیاتر لە 7 هەزار ئەفسەری تورکی لە ڕووبەری 100کم2 لەناو خاکی عێراق هەن: 11 بنکەی سەربازی و 19 بارەگای سەر بەو بنکانە و 4 بارەگای میت.

- هەژموونی ئێران لەناو عێراق، یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکان، کە هەردوو وڵات (ئێران و تورکیا) ڕکابەری دەکەن لەسەری. هەر بۆیە تورکیا بایەخێکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان و سوننە دەدات.
- ئاسایشی سەر سنوورەکان؛ ئەمە ئەو گرفتەیە کە تورکیا عێراقی پێ تاوانبار دەکات، بەوەی عێراق ئەوەندەی مەبەستیەتی ئاسایشی سنوورەکان بۆ ئێران دابین بکات، بۆ تورکیا ئەو کارە ناکات. تورکیا 367 کم سنووری لەگەڵ عێراق هەیە و هەمووی دەکەوێتە نێوان هەرێم و تورکیا. ئەوەی کە بە هەرێم دەکرێ لەو ناوچانە، بە حکوومەتی عێراقی ناکرێت.
- هاتنی تورکیا بۆ ناو خاکی عێراق و دەستێوەردانەکانی؛ کە هەندێ جار تا قووڵاییی 200 کم دێتە ناو خاکی عێراق.

ئەوەی کە عێراق لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا دەبێ بیکاتە بەرنامە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا، کەمکردنەوەی قەیرانەکانە و جەختکردنەوەیە لەسەر بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و، هەرێمی کوردستانیش وەک ڕایەڵی ئەرێنیی نێوان هەردوو لا بهێڵێتەوە، دەنا بۆشایی لەسەر زۆر ئاست لە نێوان تورکیا و عێراق دروست دەبێت، کە بە هەرێم نەبێ، بە هیچ لایەنێکی تر پڕ نابێتەوە. حکوومەتەکانی بەغداش دەبێ ئەو ڕاستییە تێ بگەن کە توانای ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ ئەردۆغان نییە، چونکە هەر ئەوە کۆنترۆڵی سەرەداوی هاوکێشەکان دەکات لەگەڵ عێراق.

**ئاییندەی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێم بەکوێ دەگات؟ ئایا تورکیا دەستبەرداری هەرێم دەبێت؟**

ئاماژەکان بەو ئاڕاستەیەدا نین کە تورکیا دەستبەرداری هەرێم ببێ. بۆ ئەو مەبەستەیش دەتوانین ئاماژە بە چەند ڕەهەندێک بکەین:

1. تاکە دەروازەی ئاسایی و هێور بەڕووی عێراقدا لەلایەن تورکیاوە، هەرێمی کوردستانە بۆ پەیوەندییە سیاسی و ئابووری و بازرگانییەکان؛ کە ئێستا تەواوی ئەو بازرگانییە 15 ملیارییەی ساڵی پار بۆ عێراق لە هەرێمی کوردستانەوەیە. ئەگەر ئەو دەروازەیە نەمێنێ، یان قەوارەی هەرێمی کوردستان لاواز ببێ، بێ گومان حەشدی شیعی شوێنگرەوە دەبێ. ئەمەیش لە بەرژەوەندیی تورکیا نییە.
2. هەرێمی کوردستان تا هەنووکە ڕەهەندە ئەرێنییەکەی عێراقە لای وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا.

ئەمەیش ڕایەڵێکی تری باشە بۆ تورکیا، کە خۆی لەناو ئەو مەداری سیاسەتەدایە کە بایەخ بە هەرێم دەدەن، تایبەتتر ئێستا ئەمەریکا زۆر پێداگری دەکات لەسەر هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی تورکیاوەو کار ئاسانیش بۆ هەردوو وڵاتی عیراق و تورکیا دەکات، لە ڕاستیشدا ئەو پەیامەی ئەمەریکا زیاتر بۆ تورکیایە کە بڕیاری هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی وڵاتەکەیەوە بداتەوە.

3. هەرێمی کوردستان پشتێنەیەکی جیاکەرەوەی باش و ئەرێنییە بۆ تورکیا، کە لە بەریەککەوتنی لەگەڵ ئێران و ملیشیاکانی لە عێراق دەیپارێزێ؛ ئەگەر ئەو پشتێنەیە نەبێ، بەریەککەوتنەکە دەبێتە دیفاکتۆ و، دوور نییە لە ئاییندەدا بەرەو عەلەوییەکانی تورکیاش سەر بکێشێ.
4. ئەگەر هەرێمی کوردستان نەبێ، ئەو بۆشاییە ئەمنییەی سەر سنووری لەگەڵ عێراق، دووچاری ئاشوب و پشێوی دەبێ، کە درێژییەکەی (367 کم)ە.
5. سوودمەندبوونی تورکیا لە ڕووی داهاتی کرێی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم کە ساڵانە زیاتر لە 159 ملیۆن و 140 هەزار دۆلار دەبێ؛ ئەمە بێجگە لەوەی کە هەندێ پێداویستی لە بواری وزە و نەوت هەر لە ڕێگەی هەرێمەوە بۆی دابین دەبێ؛ ئەمە بێجگە لەوەیش کە وابەستەیییەکی ستراتیژی لە نێوان هەردوو لا دێتە ئاراوە.
6. هەرێم هاوبەشێکی ستراتیژیی ئەرێنی و باشە بۆ بەستنەوەی نەوت و غازی هەرێم بە ئەورووپا.
7. نزیکەی 42.35%ی ژمارەی کۆمپانیا بیانییەکان لە هەرێم، هی تورکیان؛ کە ژمارەیان لە 1350 کۆمپانیا زیاترە.
8. وەبەرهێنانی کۆمپانیا تورکییەکان لە بواری وزە و نەوت پێگەیەکی گرنگیان هەیە، بەتایبەت کێنەڵ ئێنێرجی و بیت أویل. کێنەڵ ئێنێرجی لە 8 کێڵگەی نەوتی لە هەرێم کار دەکات: تاوگێ، بیر بەهر، دهۆک، بناوێ، تەقتەق، میران، چیا سورخ، بلکانە، کە پشکی وەبەرهێنانی ئەو دوو کۆمپانیا تورکییە بریتییە لە 43.5%؛ لە 40.37% بۆ کێنەڵ ئێنێرجی و 3.13% بۆ بیت ئۆویل.
9. حزبی داد و گەشەپێدان لەگەڵ مانەوەی حکوومەتی هەرێمە. لە هەستیارترین هەڵوێستی هەرێم، ئەوان هەڵوێستی توندیان بەرامبەر هەرێم وەرنەگرت. ئەگەرچی ڕەخنە و نیگەرانیی زۆریان دا، بەتایبەت لە ڕیفراندۆمی ساڵی 2017، کە ئێرانییەکان تەواوی دەرگەکانیان بەڕووماندا داخست، بەڵام ئەوان نەک هەر دەروازەکانیان دانەخست، بەڵکوو ڕێگەیشیان خۆش کرد تا سەرۆکوەزیران و جێگرەکەی، خۆیان بگەیەننە ئەورووپا و گەمارۆکەی عێراق لەسەر هەرێم بشکێنن. هەر بۆیە تورکیا پێویستی بە مانەوەی هەرێم هەیە و دەستبەرداری نابێت. ئەمەیش تەنیا مەبەست بواری ئابووری نییە، بەڵکوو ڕەهەندێکی زیندووی ستراتیژییەتی تورکیایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
10. هەرێم دەبێتە جۆرێک لە هەوێن بۆ چارەسەری پرسی کورد لە تورکیا، بەتایبەت لە ڕێگەی "پارتی دیموکراتی کوردستان"ەوە. هەر بۆیە ئێستا ئەو تروسکاییە بەدەرکەوتووە و، دەبێ کورد لە باکووری کوردستان بیقۆزنەوە؛ بەتایبەت کاتێک ئەردۆغان ڕای گەیاند کە هەموار لە هەندێ بواری دەستووریدا دەکەنەوە. بۆ ئەو مەبەستەیش، دەبێ هەرێمی کوردستان، بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕۆڵی تەواو بگێڕن. بارودۆخی عێراق بە پەیامی سیاسی و چاکسازی و نیشتمانپەروەرییەوە ڕانەگیراوە، بەڵکوو بەو بوودجە زەبەلاحەوە ڕاگیراوە کە خەزێنەی عێراق بەتاڵ دەبێتەوە، خۆ ئەگەر نرخی نەوتیش زۆر دابەزێ، ئەوە کارەساتێکە ئەوسەری دیار نییە،

11. چاودێرانی ئابووریش وای بۆ دەچن کە بواری جێبەجێکردنی زۆر زەحمەتە و، هەر بوودجە خۆی خولقێنەری چەندان قەیرانە لە عێراق. ڕاپۆرتە ڕۆژاواییەکانیش ئاماژە بەوە دەدەن، کە بارودۆخی عێراق لەسەر تەقینەوە و خلۆربوونەوەیە. عەشیرەتەکانی حەوت پارێزگای ناوەڕاست و باشووریش داوای گەڕانەوەی "سەدر" دەکەن؛ ئایا بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەگەڕێتەوە؟ هەندێ ئاماژە لەو بارەیەوە هەن، تایبەت بابەتی دواکەوتنی بۆدجە دەرفەتی بۆ چوارچێوەی هەماهەنگی کەمکردۆتەوە تا خزمەتگوزاری پێشکەش بکات و گۆڕانکارییەک لە واقعی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی عیراق دروست بکات، تا پێگەی جەماوەری لەبەرانبەر صەدر بەهێز بکات، هەر بۆیە دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عیراق یەکێکە لە بژاردە گەرمەکانی هەنوکە، بۆ ئەو مەبەستەش چوارچێوەی هەماهەنگی لە مشتومڕدایەو یەکهەڵوێست نین، لەو حاڵەتەشدا جێبەجێکردنی شایستە داراییەکانی هەرێم لە بۆدجەدا دووچاری تەنگژە دەبێتەوە.

کەواتە بۆ تورکیا پشتبەستن بە بەغدا کارێکی ئاسان نییە؛ دەستبەردانیش لە عێراق قورسترە؛ بەڵام دەستگرتن بە مانەوەی هەرێمەوە، ئەوە ئەو کارەیە کە تورکیا مەبەستیەتی و کەمترین زەرەر دەکات.

12. ڕێگەی ئاوریشم بۆ تورکیا تەنیا لە بواری ئابووری، کاریگەری لەسەر هەرێم دروست دەکات. بەڵام خودی بابەتەکە ئاییندەی ڕۆشن نییە؛ جێبەجێکردنیشی کارێکی ئاسان نییە. ئەو خەونەی کە بەغدا پێوەی دەبینێ کە ڕۆژهەڵات و ئەوروپا بەیەکەوە ببەستێتەوە، لە وڵاتێکی ناسەقامگیردا ئاسان نییە. هەر بۆیە لەو حاڵەتە ناسەقامگیرییەیشدا هەر "هەولێر" بە چەقی بازرگانی و بەڕێوەبردنی بەرژەوەندیی وڵاتان لە عێراق دەمێنێتەوە؛ هەروەک چۆن ئێستا زۆربەی کۆمپانیاکان لە هەولێرەوە کارەکانیان لە تەواوی عێراق بەڕێوە دەبەن، بەتایبەتتر تەنانەت لە هەرێمیش بارەگای سەرەکیی کۆمپانیاکان نزیکەی لە 98%ی لە پایتەختی هەرێمن.

کەواتە ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەردۆغان وا بەئاسانی دەستبەرداری هەرێمی کوردستان نابێت، بەڵکوو لە ڕێگەی کونسوڵی تورکیا لە هەولێر لەسەر ئاستی مەیدانی و لە سەرەوەیش لەسەر ئاستی سەرۆکایەتیی هەرێم و خودی ئەردۆغان، پەیوەندییەکان بەردەوام دەبن. هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمیش دەست پێ دەکاتەوە، بەڵام بە ڕێوشوێنی کارگێڕی و سیاسی و ئابووری و هونەریی نوێ، کە ڕێگەخۆشکەر دەبن بۆ ڕێککەوتننامەی نوێ سەبارەت بە هەناردەکردنی نەوتی عێراق لە تورکیاوە بۆ جیهان، تەواوی پەیوەندییە ئابووری و ئەمنییەکانیش لەگەڵ هەرێم بەردەوام دەبن، چونکە سوودەکانی هەرێم بۆ تورکیا، زۆر زیاترن لە زەرەرەکانی.

**کورد دەبێ چی بکات؟**

- پاراستنی پەیوەندییە ئەرێنییەکانی لەگەڵ تورکیا و پەرەپێدانیان.
- مانەوەی هەرێم لە کایەی ستراتیژییەتی تورکیا و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە.
- هەوڵدان بۆ هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی تورکیاوە؛ چونکە زیاتر، هێشتنەوەی ڕایەڵی پشتیوانیی دەرەکیی هەرێمە بە دونیای پێشکەوتوو. هەر لەو ڕێگەیەیشەوە کۆمپانیاکان لە هەرێم دوور ناکەونەوە و تورکیاش زیاتر وابەستەی هەرێم دەبێت.

- بینینی ڕۆڵی ئەرێنی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە باکووری کوردستان؛ تایبەت کە ئێستا حکوومەتەکەی ئەردۆغان مەبەستیەتی هەموارێک لە دەستووردا بکات.
- ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە نێوان کانوونی یەکەمی 2023 تا نەورۆزی 2024.
- هێشتنەوی وابەستەییی سیاسی لە هەرێمی کوردستان و تەباییی حزبە سیاسییەکان؛ ئەمەیش بەوە دەکرێ کە دەبێ سەرۆکایەتیی هەرێم، ڕۆڵی مەرجەعییەتبوونی خۆی بگێڕێ.
- خۆئامادەکردنی پێشوەختە بۆ هاوکێشە سیاسییە نوێیەکان لەسەر ئاستی عێراق و هەرێم لەسەر هەردوو ئاستی سەربازی و سیاسی؛ چونکە لە قۆناغی دووەم دوای پەسەندی بوودجە، ناحەزان زیاتر لە هەرێم نزیک دەبنەوە.
- ڕاگرتنی هەموو هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیا لە دژی یەکتر؛ بەڵکوو جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە چۆن ئەو دۆخە هەستیار و مەترسییەی کە دووچاری هەرێم بۆتەوە، ئیدارە بدرێ.